# تەنها بەهۆی "بسمللا!"کەیەوە
# هەقە دەستووری هەرێمی کوردستان بپێچرێتەوە

## حەمەغەفور

بێگومان هێنانەئارای نووسینەوەی دەستوور خۆی لە خۆیدا لە ڕووی مەنتیقییەوە نە دەتوانرێ وەکو هەنگاوێك لە هاوشانی ئاراستەی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دابنرێت، نە ئۆتۆماتیکیش مەرامی پشتی نووسینەوەی دەستوور و هێزەکانی بزوێنەری دەئاخنرێتە ناو مەودای عەدالەتی کۆمەڵایەتییەوە! بەڵکو لەلایەك کاردانەوەی بارودۆخێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی سنووردارە، لەولای تریشەوە مناوەرەیەکی سیاسی-یاسایی دەسەڵاتە بە مەبەستی جێگیرکردنی خۆی لەناو هاوکێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئێستای عێراقدا. بەمپێیە ڕەشنووسی دەستووری هەرێم هەر لە دیباجەکەیدا دیارە وێنای کام ئاسۆو ئامانجی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕەسمدەکات! ئەم دەستوورە چوارچێوەیەکی دیاریکراوە بۆ تەزمینی بەرژەوەندی و ئامانجەکانی بزووتنەوەی ناسیونالیستی کوردی ، نەك ڕەسمکردنی دەستووریی بنەماو ماف و ئەرك و دەسەڵاتەکانی کۆمەڵگایەکی سکۆلارو هاوچەرخ.

ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان لەژێر تیتڵی"بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان"دا داڕێژراوە. بڕیاریش وایە کۆتایی ئەمساڵ ڕاپرسیی لەسەر بکرێت. بەر لە هەر شتێك، بەر لە هەر ڕەخنەیەك لە دژی ئەم ڕەشنووسە، کە بێگومان دانەدانەی مادەو خاڵەکانیشی جێگای ڕەخنەو مشت ومڕن، من پێموایە تەنها بەهۆی بەکاربردنی ئەم ڕستە قورئانییەوە، تەنها بەهۆی نووسینەوەی لەژێر ناوی "خوا"دا هەقە ئەم ڕەشنووسە لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە ڕەتبکرێتەوە. چونکە لە پشتی ئەم هێما ئیسلامیەوە پرۆژەیەکی کۆنەپەرستانە کاردەکات لە بەرامبەر مەدی سکۆلاریزم و شێوە ژیانی مۆدێرنە لە کوردستان. ئامانجی ئەو پرۆژەیە پێشگرتنە بە ئاراستەی تەوژمی گەشەو پێشڕەوییەکی مێژوویی دژی ئیسلامیی لە کۆمەڵگای کوردستان و ڕووهێنانی سەرتاسەری بۆ شێوە ژیان و نەریتی مۆدێرن و ئەوروپایی. وەرن با پێکەوە مەغزاو مەبەستی پشتی ئەم تەعبیرە ئیسلامییە لەم ڕەشنووسەدا لێکدەینەوە!

من نامەوێ لێرەدا باسی دڕندەیی و بێڕەحمی و پەشموورردەیی ئەو هەموو خواو پیغەمبەرو خەلیفەو ئیمام و ئایەتوڵڵاو ئاخوندو سۆفی و دەروێش ومشایەخ و لەخواترسانە بکەم کە هەر لەژێر ئەم ناونیشانەدا لەژێر ناوی"بسمیللا"دا لە مێژووی دوورو نزیکی ئیسلامدا، کۆمەڵ کۆمەڵ ژیان و شادی و ئارامیی خەڵکیان کردووە بە قوڕگی "غەزەبی ئیلاهی و ئەم خوا بەخشندەو میهرەبانە"دا. یا باسی ئەوە کە چۆن نەعرەتەو غەزەبی ئەم خوایە دەیان جار پیرۆزترین هێماکانی ژیان و نەشئەی شادی و ئارامیی کۆمەڵگاکانی سووتاندووەو شارستانێتیان خاپووورکردووە لەپێناوی ئیسلامکردنی خەڵکی غەیرەئیسلام و زنجیرکردنیان لەناو وەهم و خورافاتی دینیدا. هەتا بەم شێوەیە لە ڕێگای تەحمیق و ترس و تۆقاندنەوە ئیرادەی کۆمەڵگاو ئینسانەکانی بتاسێنن و زەین و هۆشیان لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامیدا تەوق و ئەسیر بکەن! بەڵکو دەمەوێ باسی ناکۆکییەکی سەرەکی کۆمەڵگای کوردستان بەگشتی بکەم ڕێك لەگەڵ ئەم دەستوورەدا.

لەسەرەتای حەفتاکانەوە تینووێتی بۆ کرانەوەو مەیلی ڕووهێنان بەرەو شێوە ژیانی ئەوروپایی و ئازادو سکۆلار لە هەناوی کۆمەڵگای عێراقدا، بە جۆرێك زابووە شادەمارەکانی جەستەی کۆمەڵگای عێراقی تەوقکراو و ژێرچەپۆکی ڕژێمی فاشیستی بەعسییەوە، کە بێگومان کوردستانیش ئەوسا وەکو بەشێك لە عێراق، ببوە سەنتەری وەستانەوە لە دژی ئەم رژێمە، هەتا ساڵی991 بە زیادیشەوە، سەرباری سەرکوت و سەپاندنی دەسەڵاتی پۆلیسی داروودەستەی خوینڕێژی بەعسی لە کوردستاندا،

بە تەواوی خەڵك و کۆمەڵگای عێراقی خستبووە بەرامبەر دەسەڵاتی ڕژێمی بەعسەوەو بەهەموو شێوازێك ئەو ڕژێمە کەوتبووە گیانی ئەم مەیل و سوونەتەوە بۆ سەرکەوت و پێشپێگرتنی. شەڕی سەرکوتی خوێناوی خەڵکی کوردستان و بەکاربردنی سیاسەتی ئەنفال و چەکی کیمیایی لە دژی خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانە، شەڕی ئێران-عێراق، شەڕی کوێت وشەڕ لەدژی خەڵکی ناوەندو خواروی عێراق بە هەموو شێوازێك هەتا دەگات بە ووشککردنی زۆنگاوەکانیان وحەملەی ئیمانی بۆ سەرپەڕاندنی ژنان لەژێر ناوی لەشفرۆشیدا..تد ئەو سیاسەتانە بوون کە ڕژێمی بەعس بەکاری دەبردن. سوونەتی ژیانی کۆمەڵایەتی لە هەموو کەناڵ و بوارەکاندا بە ئاراستەی کۆمەڵگایەکی کراوەو شارستانی و مۆدێرندا بەرەوپێش دەچوو. ڕاپەڕینی شارەکانی کوردستان و ڕووداوەکانی دواترو سەربەخۆیی دیفاکتۆی کوردستان تا هەرەسی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعسی، سیمای دیاردەو پرۆسەیەکی نوێیە کە بە تەواوی تەباو کۆك بوو لەگەڵ مەیل و ویستی خەڵکی کوردستاندا بە ئاراستەی بنیاتنانی کوردستانێکی سەربەخۆو عەلمانی و سکۆلاردا. بەشوێن کارەساتی خێڵی حەمەدا هاتنەمەیدانی دەیانهەزاری خەڵکی کوردستان بۆ پاککردنەوەی هەموو باندو تاقمەکانی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان و سازانی بزووتنەوەی کوردایەتی لەگەڵیان دووبارە لەژێر ناوی ئیسلامی ڕەسەن و ناڕەسەنداو شەریککردنیان لە دەسەڵاتداو هەڵڕشتنی بودجەی زۆرو زەبەند بۆ تاقمە ئیسلامییەکان، بەڵگەیەکی شایستەو بەجێی ئەم لێکدانەوەیە. ئەم ئاراستە مێژوویی کۆمەڵایەتییە لە کوردستان لە هەمان کاتدا شانسی کردە یاوەری بزووتنەوەی ناسیونالیستی کورد، سەرەڕای هەموو جۆرە سازش و سازانێکی لەگەڵ دەستەو تاقمە ئیسلامییەکانی پەروەردەی جمهوری ئیسلامی ئێران و پارەو پوولی سعودیەو شێخەکانی کەنداو، نەیهێشت ئیسلامی سیاسی گەورەببێ تا ئەو شوێنەی کە تەنگەبەری بۆ دەستی باڵابوونی بزووتنەوەی کوردایەتی زیادلەڕادە دروستبکەن. 15ساڵە خەڵکی کوردستان تەحەمولی دەسەڵاتی نقوومبووی پارتی و یەکێتییان لەناو گەندەڵیی ئیداری و سیاسیدا کردووە تەنها لەبەرئەوەی ئەم حیزبانە خۆیان بە کڵێشەیەکی عەلمانی و سۆشیال دیموکرات ڕووکەشکردووە، سابەڵکو دەرفەت بکرێتەوە بۆ پاککردنەوەی کوردستان لە ئیسلامی سیاسی، کەچی ئێستا خەریکن لە ڕێگای ئەم ڕەشنووسە ئیسلامییەوە هەمان دەستووری کۆنەپەرستانەی عێراقی لە ڕاپرسییەکی فریودەرانەدا لە بەرگێکی دیکەدا دەسەپێنن بەسەر خەڵکی کوردستانیشدا. ئەم ڕەشنووسە لە مفتاحەکەیەوە تا دیباجەکەی تا کۆتایی یەك نوسخەی تبقلئەسڵە لە دەستووری ئیسلامی عێراق. تەنها یەك جیاوازی هەیە ئەویش مسۆگەرکردنی بەشی بزووتنەوەی کوردایەتییە بە هەردوو بارەکەدا! بەپێی ئەم ڕەشنووسە ئەگەر بگاتە ئیمتحان و دەربچێت، یەکەم دەسەڵاتی سیاسی خۆیان لە کوردستان لەڕێگەی دەستوورییەوە زامن دەکەن، دووەم لە کێشمەکێشیاندا لەگەڵ شیعەی سیاسی و تەرەفەکانی تردا لەپیناوی بەش و دەسەڵاتی زیاتردا لە ناوەند ئەم شەرعییەتە گاڵتەجارە بەکاردێنن. ئەم دوو مەرام و ئامانجەی لێدەرچێ هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارو سەرانیان خۆیان هەمیشە لەبەردەم ئیسلام و کۆنەپەرستی دینیدا لە کڕنووشبردندا بوون. بەمشێوەیە ڕەشنووسی دەستووری هەرێم لە هەمان کاتدا پرۆژەیەکیشە بۆ لەباربردنی ئەو تەوژمە مۆدێرن و شارستانییە کە لە دەمێکەوە بەڕێکەوتووەو بەئێرە گەیشتووە. چونکە دەزانن ئەم تەوژمە سکۆلاریستییە بەرەی ژێرپێی کوردایەتی دەردەکێشێ. ئەم دەستوورە هیچ ئیعتیبارێك دانانێت بۆ سوونەت و شێوە ژیانێك کە زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستان هەڵیانبژاردووەو بە ئاواتییەوە دەژین و لە پێناویدا تێکۆشاون و جەوریان کێشاوە. سەرباری ئەوەش خەڵکی کوردستان لە ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییەیانەی شارەکاندا بە دەنگێکی ڕەساو بەرز نایەکی گەورەیان ووت بە دەسەڵاتی نقوومبووی ئەم حیزبانە لەناو گەندەڵیی و ڕاووڕووتدا. بێپەردە ووتیان بزووتنەوەی کوردایەتی بێجگە لە دزی و گەندەڵی و پاشکۆبوون بۆ عێراقی عوربەو ئیسلامی هیچی تریان ئەنجامنەداوە. ئەو بزووتنەوەیە ترسی خستە دڵی سەرانی ئەم حیزبانەوەو کەسی وەکو مەسعود بەرزانی ناچاربوو بە ئاشکراو لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە دەسبداتە فەزڵفرۆشی بەسەر خەڵکەوەو بڵێ، ئەگەر خەڵکی ئێمەی ناوێت قەبوڵمانە با پێمان بڵێن! یەکیتی و پارتی دەیانەوێ بە هێنانەئارای ئەم دەستوورە بەربگرن بە گەشەی ڕوولەپێشی سکۆلاریزم و مۆدێرنیزم لە کوردستان و خواستی سەرتاسەری بۆ سەربەخۆیی کوردستان لەباربەرن و بیکەنە بارمتەی مسۆگەرکردنی دەسەڵاتی پڕ فەسادو مەرامە تایبەتییەکانیان. ساتێك بە ناوی بەشداری لە بنیاتنانی "عێراقی فیدراڵی و دیموکراتدا"، ساتێکی تریش لەژێر ناوی هەرێمی

**فیدراڵ و سەربەخۆییدا، دەیانەوێ تا بۆیان بچێتەسەر چارەنووسی سیاسی کوردستان دەستمایەی هەرزانی دستیان بێت بۆ ساتو سەوداکانیان! بەڵام سیمای شارستانی و سکۆلاری خەڵکی کوردستان، شێوەی ژیان وسوونەتی پیشکەوتوو و مۆدێرنی ئەم کۆمەڵگایە، دوورە ڕێگابدات ئەم ڕەشنووسە ئەم زەمانەتە بۆ ناسیونالیزمی کوردو حیزبەکانی مسۆگەربکات!**

2006-10-10